# گفتوگۆی دەنگەکان لەگەڵ نووسەر و ڕۆشنبیر

# کاروان عومەر کاکەسوور

# سەبارەت بە کارڵ مارکس



لە 15.05.1964 لە شاری هەولێر لە دایک بووە.

قۆناغەکانی سەرەتایی، ناوەندی و ئامادەییی لە هەولێر بڕیوە و دواتر بەشی مێژووی لە کۆلیژی پەروەردەی زانکۆی موسڵ تەواو کردووە.

لە سەرەتای نەوەدەکانەوە کوردستانی جێ هێشتووە. سەرەتا لە ئەڵمانیا گیرساوەتەوە و دواتر چووەتە دانمارک. کوڕ و کچێکی بە ناوی (دواڕۆژ) و (ڕۆژیار) هەیە.

لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە چیرۆک و گوتاری ئەدەبی دەنووسێت و لە دوای ڕاپەڕینەوە بەرهەمەکانی بڵاو کردووەتەوە. چەند کتێبێکی چاپکراوی هەیە، لەوانە چوار کۆمەڵەچیرۆکی (سەدەی یەکەمی خەیاڵ، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی سۆران، هەولێر، ٢٠٠٣)، (ئەسپیدیلۆن، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ڕابوون، سوید، ١٩٩٨، چاپی یەکەم. ساڵی ٢٠٣ لە لایەن کتێبخانەی سۆران لە هەولێر چاپ کراوەتەوە)، (خەونনامەی دادە سۆزی، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئایندە، ٢٠٠٨) و (منارەی ئاوەدانی، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری هەنار، ٢٠١١).

سێ ڕۆمانی (ئای لەڤیلیا لەڤیلیا، دەزگا و چاپی پەخشی سەردەم، ٢٠٠٠)، (مامزێر، لە بڵاوکراوەکانی یانەی قەڵەم، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩. ساڵی ٢٠١١ لە دەزگای ڕۆشنبیری چاپ کراوەتەوە) و (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، ٢٠١١ و چاپی دووەم ٢٠١٢) و ڕۆمانێکی هاوبەشیشی لەگەڵ (دواڕۆژ)ی کوڕی لەژێر ناونیشانی (سوارەکان بە قاچاغ بووکیان دەگواستەوە)دا بڵاو کردووەتەوە، کە (چاپی یەکەمی لە بڵاوکراوەکانی یانەی قەڵەمە ساڵی ٢٠٠٩ و چاپی دووەمی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری دەرچووە ساڵی ٢٠٠١). هەر لە بواری

گێڕانەوەدا کتێبی (منداڵیم ئاسکێک بوو بەسەر پەلکەزێڕینەکاندا بازبازێنی دەکرد)ی هەیە، کە سەربردەی ژیانی منداڵیی خۆیەتی. (بەشی یەکەمی لە دەزگای موکریانی ساڵی ٢٠٠٠ چاپ کراوە. دوایی هەر سێ بەشەکە لە دەزگای ئاراس ساڵی ٢٠٠١ دەرچووە و چاپی دووەمی ساڵی ٢٠٠٩ لە وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی بڵاو کراوەتەوە) ناوە ناوەیش گوتار لەبارەی فکر، ئەدەب و هونەرەوە دەنووسێت.

کتێبێکی هاوبەشی بە ناونیشانی (مناڵێک بە دزییەوە کتێب دەخوێنێتەوە) لەگەڵ (دانا فایەق)دا هەیە، کە گفتوگۆیەکی درێژە و تێیدا وەڵامی پرسیارەکانی (دانا فایەق) دەداتەوە. (ژمارە ١١ لە بڵاوکراوەکانی پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر، ٢٠٠٨).

بیست کتێبی منداڵانی لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی وەرگێڕاوە، کە دەزگای موکریانی ساڵی ٢٠١٠ چاپی کردوون.

کتێبی (گەشتێک بۆ وڵاتی هاوڕێیانم)ی بە هاوبەشی لەگەڵ هونەرمەندی شێوەکاری دانمارکی (ئەنیتا ئێسپاندەر) بە کوردی و دانمارکی نووسیوە.

هەروەها چەند بەرهەمێکی بڵاونەکراوەیشی بۆ چاپ ئامادەن، لەوانە ڕۆمانی (کازینۆی منداڵان)، (کۆمەڵێک گوتار لەبارەی ئەدەب، هونەر و فکرەوە) و کتێبی (ئامادە و بەردەوام، کۆمەڵێک گفتوگۆ لەگەڵ کاروان کاکەسوور). ئێستا خەریکی نووسینی ڕۆمانێکی نوێیە، کە ساڵێک دەبێت دەستی پێ کردووە.

هەندێک لە بەرهەمەکانی بۆ زمانی عەرەبی، فارسی و سوێدی وەرگێڕدراون.

**(ماکس ڤیبەر) پێی وایە فیکری ئەورووپی لە 1848وە هەتا ئەمڕۆ دیالۆگە لەگەڵ (مارکس)دا، کە یان لەگەڵیەتی یان دژیەتی. ئەگەر ئەمە وێنەیەکی بچووکی (مارکس) بێت، ئاخۆ ئەقڵی ئێمە لە توانایدا هەبووە کۆنتاکتی لەگەڵدا بکات و زمانی ئێمە هێندەی هێز هەبووە، هەتا ئەو فەیلەسووفە بخوێنێتەوە و لە ڕێگای خوێندنەوەی جیاوازی خۆیەوە پرسیاری نوێ بەرهەم بهێنێت؟**

*** ئایا بواری ڕۆشنبیریی و سیاسیمان بە تەواوی دەستبەرداری مارکس بووە؛ چیتر پێویستی بە مارکس نەماوە؟ ئاخۆ ڕاستە بە ڕاگەیاندنی مەرگی مارکس، هەموو تێز و بیرکردنەوەکانی وەلا بنێین؟**

من هەست دەکەم پرسیارێکی دیکە هەیە، کە دەکەوێتە پێش ئەم پرسیارەی ئێوەوە. ئەویش ئەوەیە ئاخۆ (مارکس) هیچ کاتێک لەناو بیرکردنەوەی ئێمەدا ئامادەیی هەبووە، هەتا ئێستا دەستبەرداری

ببین؟ وەڵامدانەوەی ئەو دوو پرسیارە، کە بە بڕوای من لە یەکتر جیا ناکرێنەوە؛ ناچارمان دەکەن هەڵوێستەی جدی لەسەر فیکر و زمانی خۆمان بکەین. ئایا ئەقڵی ئێمە توانای ئەوەی هەبووە لە (مارکس) تێبگات و کار لەسەر تیۆرییەکانی بکات؟ ئایا زمانی ئێمە ئەو ئاستە میللییەی بڕیوە و گەیشتووەتە ئاستی بەرهەمهێنانی فیکری ڕەخنەیی، کە هێزی کارلێکردن و کۆنتاکتی لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا هەبێت؟ لێرەوەیە ناکرێت ئێمە لە لایەک زمانی ڕۆشنبیریی خۆمان نەخەینە ژێر پرسیارەوە و لە لایەکی دیکەش دەبێت بزانین مەبەستمان لە (مارکس) کێیە، چونکە (مارکس) وەکو گرنگترین ڕخنەگری سیستێمی کەپیتالیزم، پێکهاتەیەکە لە کۆی فیکری پێش خۆی و بە هێزێکی گەورەشەوە درێژبوونەوەی لەناو فیکری سەردەمی خۆی و هیی دوای خۆیەوە هەیە. (مارکس) بە ناو فیکری (گرامشی)، (کارل کۆرش)، (ئالتوسێر)، سەرجەمی ڕابەرانی قوتابخانەی فرانکفۆرت و بگرە بە شێوەیەک لە شێوەکان بە ناو فیکری فەیلەسووفانی پۆستمۆدێرنیزمیشدا تێدەپەڕێت، کە فەلسەفەی ئەوان درێژکراوەی فەلسەفەی (نیچە)یە، بە ڕادەیەک هەندێک لە ڕەخنەگران پێوەندییەک لەنێوان ڕەخنەی (مارکس) لە ئایدۆلۆجیا و ڕەخنەی فەیلەسووفانی پۆستمۆدێرنیزم لە مودێرنێتە دەبینن، بەوەی (مارکس) لە لایەک ڕەخنەی توند لە سەرتاپای ئایدۆلۆجیای سەردەمی ڕۆشنگەری دەگرێت و لە لایەکی دیکە وا لە فاکتەری ئابووری دەڕوانێت، کە بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی مرۆڤ دیاری دەکات، واتە دەکەوێتە دەرەوەی ویستی خۆیەوە. لەمەدا مەبەستمە بڵێم (مارکس) لەناو ئاڕاستە جیاوازەکانی فیکر و فەلسەفەدا بە هێزێکی گەورەوە هەیە، تەنانەت (کلاود لیڤی شتراوس) دەگاتە ئەوەی بڵێ هەر کاتێ ویستبێتی خۆی لە قەرەی باسێکی سۆسیۆلۆجی و ئیتنۆلۆجی بدات، ئەوا بۆ هەردوو کتێبی (هەژدەی برۆمێری لویس پۆناپەرت) و (ڕەخنە لە ئابووریی سیاسی)ی (مارکس) دەگەڕێتەوە. هەرچی (دێریدا)یە لە (تارماییەکانی مارکس)دا سەرجەمی فەیلەسووف و بیرمەندانی ئەم سەردەمە بۆ (مارکس) دەگەڕێنێتەوە. لە هەموو ئەوانەدا دەگەینە ئەوەی، کە فەلسەفەی مارکس، نەوەک مارکسیزم، هەڵگری ڕەگەزی جیاوازییە و هەر ئەمەشە ئەو درێژبوونەوەیەی بۆ مسۆگەر کردووە. کاریگەریی ئەو فەیلەسووفە لەسەر بوارەکانی ئابووری، مێژوو، سۆسیۆلۆجیا و هیی دیکەدا بە ڕوونی دیارە و وەکو میتۆدێک بۆ خوێندنەوەی ئەدەب، زمان، فەلسەفە، دەوڵەت، ڕامیاری، نەتەوە و زۆر بواری دیکە هەستی پێ دەکەین. ئەگەر سەرنج لە هەردوو کتێبی (کاپیتاڵ) و (هەژدەی برۆمێری لویس پۆناپەرت) بدەین، دەبینین، کە شارەزاییی ئەو فەیلەسووفە لە بوارە جیاجیاکاندا جێگای سەرسووڕمانە. لە پاڵ ناسینی فکری زۆربەی فەیلەسووفانی دنیا هەر لە ئەگریکەوە هەتا هیی سەردەمی خۆی، ئاگاداری بەرهەمی دەیان نووسەری وەکو (هۆراس)، (هۆمیرۆس)، (سۆفۆکلیس) و (زەینەفۆن)، (دانتی)، (سێرڤانتس)، (شێکیسپێر)، (گۆتە) و هیی دیکەش بووە و فیکری ئەوانی لە تیۆرییەکانیدا بە کار هێناوە. بە کورتی (مارکس) لای هەر بوونەوەرێک ئامادەیە، کاتێ بە قووڵی و لە ڕێگایەک لە ڕێگاکانەوە دێتە ناو بوارەکانی مەعریفەوە. ڕەنگە ئێرە شوێنێکی شیاو بێت، کە من بڵێم (مارکس)م لە ڕێگای ئەدەبەوە ناسیوە، بۆیە هیوادارم بۆچوونەکانم لەبارەی ئەو فەیلەسووف و کۆمەڵناسەوە وەکو هیی نووسەرێکی ئەدەبی وەربگیرێت و لەو سنوورە تێنەپەڕێت. ڕەنگە ئەمە

هەندێک لەو بەرپرسیارییەتە گەورەیە لەسەر شانم لا ببات و ترسی قسەکردنم کەم بکاتەوە. (مارکس)، کە سەرەتای خۆی بە ئەدەب دەست پێ کردووە، دڵنیام ئەگەر بیویستایە، دەبووە نووسەرێکی گەورەی سەردەمەکەی بە تایبەتی لە بواری ڕەخنەدا. (فرانسیس وبین) بە هەڵەدا نەچووە، کاتێ ناوی لێ دەنێت (شاعیری دیالێکتیک)، بەوەی لە (کەپیتاڵ)دا زمانێکی پەخشانئامێزی بە کار هێناوە، بە ڕادەیەک توانیویەتی شتە دژ و لەیەکچووەکان لەسەر ئاستێکی بەرزی ڕوانیندا پێکەوە کۆ بکاتەوە. ئەوەی (مارکس)ی هەتا ئەمڕۆ بە زیندوویی هێشتووەتەوە، ئایدۆلۆجیای حیزبە کۆمۆنیستەکان نییە، بەڵکو هێزی ڕەخنەی ئەوە لە سەردەمەکەی، کە ئەمە بە تایبەتی لە (ئایدۆلۆجیای ئەڵمانی)دا دەردەکەوێت. لەوێدا وەکو خۆی دەڵێ پێچەوانەی سەرتاپای فەلسەفەی ئەڵمانی، کە لە ئاسمانەوە دادەبەزێتە خوارەوە، ئەو لە زەوییەوە بۆ ئاسمان سەری دەخات. ئەمە گوێزانەوەی سێنتەرە لە بیر و هۆشی مرۆڤەوە بۆ شێوازی گوزەرانی، وەکو پێی وایە ئەوە هۆشیاری نییە گوزەرانی ئێمە دیاری دەکات، بەڵکو گوزەرانمانە هۆشیاریمان دەردەخات. بەو پێیە لای ئەو سەرجەمی مۆڕاڵ و ئایین و میتافیزیکا و تەواوی ئایدۆلۆجیا دیاردەی سەربەخۆ نین، تا خاوەنی مێژوو بن و گەشە بکەن، بەڵکو ئەوە مرۆڤ خۆیانن لە گۆڕاندان، ئەویش لە ڕێگای گۆڕینی بەرهەم و پێوەندیی ماتریالییان. کەواتە دەگاتە ئەوەی، کە بیروباوەڕی چینی باڵادەست لە هەموو سەردەمێکدا زاڵە، بۆیە لەوێدا ڕەخنەی توندوتیژ لە تەواوی فەیلەسووفانی ئەڵمانی بە هەموو ئاڕاستەکانیەوە دەگرێت لە سەرووی هەموویانەوە (هیگڵ)، (فیورباخ) و (برونو باوێر). بە کورتی هیچ کاتێک ڕەخنە فیکری (مارکس)ی جێ نەهێشتووە، بەڵکو بەردەوام لەگەڵیدا بووە و زیاتر گەشەی پێ داوە، بۆیە زاراوەی ڕەخنە بووەتە ناونیشانی هەندێک لە بەرهەمەکانیشی وەکو (ڕەخنە لە فەلسەفەی دەوڵەت لای هیگڵ)، (ڕەخنە لە فەلسەفەی هەق لای هیگڵ)، (ڕەخنە لە ئابووریی سیاسی) و (ڕەخنە لە بەرنامەی گۆتا). بە بڕوای من لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە تاکو ئەمڕۆ، هیچ کاتێک نییە (مارکس) لەناو فکردا ئاوا بووبێت، هەتا باس لە گەڕانەوەی بکەین. تەنانەت هەموو ئەو هەوڵانەی لە پێناوی ئەوەدا دران، کە فەلسەفەی ئەو و ڕووخانی یەکییەتیی سۆڤیەت پێکەوە گرێ بدەن، سەری نەگرت، بە تایبەتی لەگەڵ ئەم قەیرانە گەورەیەی ئایدۆلۆجیای بازاڕی ئازادی جیهانی ڕووبەڕووی بووەتەوە. (ماکس ڤیبەر) پێی وایە فیکری ئەورووپی لە 1848ەوە هەتا ئەمڕۆ دیالۆگە لەگەڵ (مارکس)دا، کە یان لەگەڵیەتی یان دژیەتی. ئەگەر ئەمە وێنەیەکی بچووکی (مارکس) بێت، ئاخۆ ئەقڵی ئێمە لە توانایدا هەبووە کۆنتاکتی لەگەڵدا بکات و زمانی ئێمە هێندەی هێز هەبووە، هەتا ئەو فەیلەسووفە بخوێنێتەوە و لە ڕێگای خوێندنەوەی جیاوازی خۆیەوە پرسیاری نوێ بەرهەم بهێنێت؟ من پێشتریش گوتوومە ڕۆشنبیری ئێمە بوونەوەرێکی ئیلهامییە و دوور و نزیک مامەڵە لەگەڵ فیکردا ناکات. ڕۆشنبیری ئیلهامی پشت بە زمانی وەسف دەبەستێت و ئەو زمانە سادەیەی خۆی لە هەموو ئاستە جیاوازەکانی فیکردا بە کار دەهێنێت. بەردەوام ویستوویەتی جیاوازی لەنێوان فیکرێک و یەکێکی دیکەدا نەهێڵێت، بەو مەبەستەی هێندە ئاسانیان بکاتەوە، کە لەگەڵ سێستێمی وەسفدا بگونجێن، لە کاتێکدا ڕۆشنبیری جیددی تەنیا لە ڕێگای خوێندنەوەی جیاوازەوە دەتوانێت

ئیزافە بخاتە سەر فیکر، چونکە لە جیاوازیدا ڕۆشنبیر لەو مەودایەدا کار دەکات، کە لەنێوان خۆی و فیکری باودا دروستی کردووە. دیارە هەتا ئەو مەودایە گەورەتر بێت، توانای بەرهەمهێنانی زیاترە، بەڵام لە لێکچووندا ڕۆشنبیر نەک ناتوانێت فیکر بەرهەم بهێنێت، بەڵکو لە توانایدا نییە لەو فیکرەیش تێبگات، کە ویستوویەتی ئیشی لەناودا بکات. وەکو (ئالتوسێر) دەڵێ، تێگەیشتنی مێژوو لە خوێندنەوەی هۆشیارییەوەیە بە دژەکەی. واتە تەنیا لە ڕێگای دژەکانەوە تۆ دەتوانی لە واقیعی خۆت تێبگەیت و تێیپەڕێنیت. ئەو زمانە وەسفییەی ڕۆشنبیری ئێمە بە تایبەت لە ئاستی خوێندنەوەی (مارکس)دا زۆر دەستەوستانە، چونکە وەکو پێشتر گوترا (مارکس) پێکهاتەیەکە لە کۆی فیکری پێش خۆی و بە ناو فیکری دوای خۆیشیدا درێژ دەبێتەوە، بۆیە خوێندنەوەی (مارکس) بەندە بە خوێندنەوەی ئەوانی دیکەیشەوە، مادام فیکرەکان بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە یەکتر تەواو دەکەن، کە ئەوە لە توانای ڕۆشنبیری ئێمە بەدەر بووە. ڕۆشنبیری ئێمە (مارکس)ی لە بواری سیاسەتەوە ناسیوە. کاتێ حیزبی کوردی پێویستی پێ بووبێت، ئەویش لەسەر هەمان ڕێتم قسەی خۆی کردووە. لە دوای ڕووخانی یەکییەتیی سۆڤیەتەوە ئیتر ئەو ڕۆشنبیرە بە لای ناوی (مارکس)دا نەچووە، مەگەر لە بۆنەیەکدا بەو ڕۆشنبیرییە زارەکییەی خۆی باسی لە نەمانی کردبێت، بەبێ ئەوەی دوور و نزیک ئەو فەیلەسووفەی ناسیبێت. کەواتە ئەو ڕۆشنبیرە نەک هەر نەیتوانیوە لە ڕێگای خوێندنەوەی جیاوازەوە وێنەی شێواوی (مارکس) لەنێوان پیرۆزکردن و نەفرەتکردندا ڕزگار بکات، بەڵکو خۆیشی ڕەواجی بەو ئاسانکارییە داوە. (مارکس) لە دەستی دووەم و سێیەم و لە ڕێگای ڕۆشنبیریی زارەکییەوە گەیشتووەتە ئێمە. هیچ کاتێک خوێندنەوەی ئێمە نەیتوانیوە ئەو ڕۆشنبیرییە زارەکییە تێپەڕێنێت و بگاتە ناو تێکستەکانی (مارکس) خۆیەوە، بەو مەبەستەی لەوێوە ئاڕاستەی دیکەی جیاواز لەنێوان ئەو دوو گوتارە زاڵەی ناو ڕۆشنبیریمان بدۆزێتەوە. هەتا ئێستاش زمانی ڕەخنەی ئێمە، ئەوە ئەگەر هەر بە ڕاستی زمانی ڕەخنەمان هەبێت؛ وازی لە پێوەری باش و خراپ نەهێناوە. بە مانایەکی دیکە ئەوەندەی ئەو زمانە مەبەستی بووە لەناو سادەییی خۆیدا بڵێ ئەو فیکرە باشە و ئەوی دیکەیان خراپە و فلان لە فیسار باشترە، ئەوەندە بە دوای خوێندنەوەی نهێنییەکانەوە نەبووە. لەگەڵبوون یان دژبوون نین، کە دەتوانن نهێنی ئاشکرا بکەن، بەڵکو ئەوە خوێندنەوە و تێڕوانینی جیاوازن لە دەستیان دێت سەرەنجامی دیکەی جیاواز بە دەست بهێنن، کە وەکو پێشتر گوترا لەناو ڕۆشنبیریی ئێمەدا ئەو خوێندنەوە و تێڕوانینە جیاوازە بە تایبەتی لە ئاستی (مارکس)دا بوونیان نییە. دەبێت ئەوەش لە بەرچاو بگرین، کە (مارکس) لە دەرەوەی ئێمەشدا تووشی بەدخوێندنەوە و بەدلێکدانەوە بووە، بە ڕادەیەک فیکری هیچ فەیلەسووفێکی دیکە بە قەدەر فیکری ئەو نەشێوێنراوە. بە بڕوای من بەشێکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە فەلسەفەی (مارکس) فەلسەفەی پراکسیسە و هەیکەلە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا لە خۆی دەگرێت بە تایبەتی ئابووری و شێوازەکانی دەوڵەت و حوکمڕانی. واتە تەنیا لە سنووری فەلسەفەدا نەماوەتەوە، بەڵکو وەکو میتۆدیش دەرکەوتووە. (مارکس) بە زۆر شێوە لە خوێندنەوە دوور خراوەتەوە. لە دنیای عەرەبی و ئیسلامیدا جارێک وەکو یەهوودییەک و جارێک وەکو ئەوەی دژی ئایینە، کە ئەمانە هیچ بنەمایەکی

زانستی و واقیعیيان نییه... لە دنیای ڕۆژئاوایش وەکو ئەو مرۆڤەی ویستوویەتی موڵکایەتیی تاک نەهێڵێت. مادام ئێوە لە بەشێکی پرسیارەکەتاندا باس لە بواری ڕۆشنبیری و سیاسیمان دەکەن، کەواتە با لاکەی دیکەی نەبوونی فیکری (مارکس) لەناو بیرکردنەوەی خۆماندا ببینین، کە پێوەندیی بە سترۆکچەری کۆمەڵگای کوردییەوە هەیە، بەوەی وەکو هەر کۆمەڵگایەکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی دەکەوێتە دەرەوەی فانتازیای (مارکس)ەوە، ئەگەر زانیمان کۆمەڵگای ئێمە لە ڕوانگەی ئەوەوە کۆمەڵگایەکی نامێژوویییە، بەوەی ئەو ناو لە وڵاتانی پیشەسازی دەنێت (مێژوویی) و ئەوانی دیکە بە (نامێژوویی) لە قەڵەم دەدات. (مارکس) خۆی هەست دەکات ئەڵمانیا ئەو شوێنە نییە، کە ئەو بتوانێت خەونی تێدا ببینێت و یۆتۆپیاکەی لەسەر دابمەزرێنێت، بەڵکو ئینگلتەرا بە شوێنی شیاوی خەونەکانی دەزانێت، کە لێیەوە دەتوانێت دنیای تایبەتی خۆی بهێنێتە بەرچاوی، وەکو لە (ڕەخنە لە فەلسەفەی هەق لای هیگڵ)دا پێی وایە ئەوان ئێستا لە ئەڵمانیا لەو شوێنەن، کە ئینگلتەرا و فرانسا جێیان هێشتووە و هەردووکیان بە گەلە پێشکەوتووەکان ناو دەبات، کە ئەمە بۆ جیاوازیی مێژوویی نێوان گەشەکردنی بۆرجوازیی ئینگلیز و ئەڵمان دەگێڕێتەوە. لەو ڕوانگەیەشەوەیە ڕەخنە لە (هیگڵ) دەگرێت و لێی جیا دەبێتەوە. (مارکس) لە (ئایدۆلۆجیای ئەڵمانی)دا جیاوازیی ئینگلتەرا و فرانسا لەگەڵ ئەڵمان بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە، کە لە یەکەمیاندا بۆرجوازی لە ڕووی پیشەسازییەوە شۆڕشی هەڵگیرساند و لە ڕووی سیاسییەوە هیندستانی خستە ژێر دەستی خۆیەوە، لە پاڵ ئەو دووانەشدا لە ڕێگای بازرگانییەوە هەموو دنیای ملکەچ کرد. بۆرجوازیی فەڕەنسییش بە هۆی شۆڕشەوە دەستەڵاتی گرت و باڵی بە سەر ئەورووپادا کێشا، لە کاتێکدا بۆرجوازیی ئەڵمانی لە ئاستی هەموو ئەوانەدا دەستەوستان بوو. سەیر نییە ئەگەر دەبینین دوای ئەوەی لە ئەڵمانیاوە چووە پاریس و دەستی بە خوێندنەوەی فەلسەفە و مێژوو و زانستەکانی دیکە کرد، ئینجا بیری کۆمۆنیزمی لا گەڵاڵە بوو. وەک بڵێی (مارکس) خۆی وەڵامی ئێمەی دابێتەوە و گوتبێتی، کە نە ئەقڵی ئێوە و نە واقیعتان بەرگەی فەلسەفەکەی من ناگرن. کۆمەڵگای ئێمە ڕۆژێک لە ڕۆژان لەو ئاستەدا نەبووە، کە وەکو پێویستییەک لە (مارکس) بڕوانێت، هەتا لە تواناشیدا بێت لەو ئاستە ڕۆشنبیری خۆی بەرهەم بهێنێت. بە مانایەکی دیکە کۆمەڵگای ئێمە زۆر دوور بووە لەو وێنەیەی (مارکس) لە خەیاڵی خۆیدا دایهێناوە و کاری لەسەر کردووە، بەڵام ئێمە ئەمڕۆ لە دەرەوەی ئەو دنیایە نین، کە (مارکس) لە سەدەی نۆزدەهەم پێشبینیی دەکرد و ئێستا لە شێوەی گلۆبالیزمدا بوونی هەیە. دیارە ئەمە باسێکی تەواو سەربەخۆیە. خوێندنەوەی ئێمە بۆ (مارکس)، خوێندنەوە نییە بۆ (مارکس)ی ناو واقیع و فیکری خۆمان، بەڵکو خوێندنەوەی (مارکس)ی ناو واقیع و فیکری ئەوانی دیکەیە، کە وەکو لە پێشەوە گوترا توانای ئەو خوێندنەوەیە زۆر لاوازە. ئەگەر هەر لە بنەڕەتەوە (مارکس) لەناو فیکر و واقیعی ئێمەدا ئامادە نەبووبێت، کەواتە شتێکمان نییە بە ناوی دەستبەرداربوونی فیکر و تێزەکانی.

*** پاش ڕووخانی سیستەمی سۆسیالیزم و ودەرکەوتنی تێزی "کۆتایی مێژوو" لە لایەن فۆکۆیاما و هاوڕاکانییەوە، ئایا ئەو بانگەشەیە واتای مردنی مارکسی فەلسەفیی بوو؟ یان مەبەستی ئەو مارکسە بە ئایدیۆلۆژییکراوەیە کە کۆتایی هات؟**

مردن و بەردەوامبوونی هەر فیکرێک لە لایەک پێوەندیی بە ڕادەی قووڵیی ئەو فیکرەوە هەیە، بەوەی ئەو فیکرە هەتا چەند توانیویەتی نهێنییەکانی واقیعی خۆی دەربخات و لە لایەکی دیکە هێزی ئەو خوێندنەوە و ڕەخنەیەی ئاڕاستەی ئەو فیکرەیە دەکرێت چەندە. زیندوویی (مارکس) وەکو گەورەترین ڕەخنەگری ڕژێمی کەپیتالیزم هەتا ئەمڕۆ، پێوەندیی بە هێزی بینینی ئەوەوە هەیە بۆ ئەو سیستێمە، وەکو (ڕیمۆن ئارۆن) لە کتێبی (قۆناغەکانی فیکری سۆسیۆلۆجی)دا لەبارەیەوە دەڵێ: (مارکس بەر لە هەرچی کۆمەڵناس و ئابووریزانی سیستێمی کەپیتالیزمە، بەوەی خاوەنی تیۆرێکە لەبارەی ئەو سیستێمە و ئەو چارەنووسەی بۆ خەڵکی شاردووەتەوە، کە لە ئاییندەدا پێی دەگەن). (مارکس) لە ڕێگای تێگەیشتن لە کەپیتالیزم و هێزی ڕەخنەی خۆی لەو سیستێمەوە بووەتە یەکێک لەو دیدگا گرنگانەی، کە دەکرێت لێیانەوە لە کەپیتالیزم و لە نهێنییەکانی بڕوانین، بۆیە بەردەوامبوونی ئەو بەندە بە مانەوەی ئەو ڕژێمەوە، نەوەک بە ڕووخانی سیستێمەکانی سوسیالیزم، وەکو خۆی لە کتێبی (کەپیتاڵ)دا دەڵێ: (کەپیتالیزم ئەگەر سەدەیەک بخایەنێت، یان هەزاران ساڵ، ئەوا ئەو سیستێمە هەر لەسەر چەوسانەوە دامەزراوە). (جاک ئەتالی) لە کتێبی (کارل مارکس یان فیکری جیهان)دا پێی وایە (مارکس) لە سەردەمی خۆیدا وەڵامی هەندێک پرسیاری داوەتەوە، کە ئەو پرسیارانە تا ئەمڕۆ نەکرا بوون. مەبەستی (ئەتالی) ئەوەیە، کە (مارکس) پێش سەردەمەکەی خۆی کەوتووە، هەر بۆیە لە ڕابردوو نەخوێندراوەتەوە و ئەمڕۆ جارێکی دیکە خۆی سەپاندووەتەوە. وەکو لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا گوترا، کە (مارکس) لەناو فیکری سەردەمی خۆی و دوای خۆیدا بە هێزێکی گەورەوە ئامادەیە، بەڵام ئەوەی ئەو ئامادەبیە پێشان دەدات، توانای ئەو خوێندنەوە و ڕەخنەیەیە، کە ئاڕاستەی دەکرێت، چونکە فیکر تەنیا لە ڕێگای دیالۆگ لەگەڵ ئەوانی دیکەوە دەتوانێت کاریگەر بێت. هەر لەو کاتەوە (کۆتاییی مێژوو و دوایین مرۆڤ)ی (فۆکۆیاما) دەرکەوتووە، لانی کەم کتێبێکی زۆر گرنگ لەبارەی (مارکس)ەوە نووسراوە و کاریگەریی گەورەی هەبووە، کە (تارماییەکانی مارکس)ی (دێریدا)یە. (کۆتاییی مێژوو و دوایین مرۆڤ)ی (فۆکایاما) لە هەر ئاستێک و بە هەر مەبەستێک بێت خوێندنەوەیەکی دیکەیە بۆ مێژوو و بۆ کەپیتالیزم، کە ناشاردرێتەوە ئەو سیستێمە تەنیا لە قەیرانی ئابووریدا نییە، بەڵکو لە قەیرانی مۆراڵیشدایە، وەکو (هابرماس) پێی وایە، ئەگەر فریای خۆی نەکەوێت، ئەوا بەرەو ڕووخان مل دەنێت. (فۆکۆیاما) یەکێکە لە نیوکۆنزەرڤاتیڤ و نیوهیگلییەکان و بۆچوونەکانی درێژکراوەی هەموو ئەو بۆچوونانەن، کە بانگەشەی کۆتاییی ئایدۆلۆجیاکان دەکەن و هاوکات جاڕی سەرکەوتنی ئایدۆلۆجیای بازاڕ بەسەر هەموو ئەو ئایدۆلۆجییا (دۆڕاوانە!!)دا دەدەن. بیرۆکەی کۆتاییی ئایدۆلۆجییاکان شتێک نییە لەگەڵ (فۆکۆیاما)ەوە دەست پێ بکات، بەڵکو پێشتریش بە شێوەی جیاواز جیاواز لەناو ئەقڵی ڕۆژئاوادا هەبووە. بۆ نموونە (کارل پۆپەر) لە سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانیدا ئایدۆلۆجیاکانی بە دوژمنی کۆمەڵگای کراوە زانیوە، بەوەی ئەوان هەڵگری حەقیقەتی ڕەهان و ئەو حەقیقەتە ڕەهایەش بە زۆر و لە ڕێگای زەبروزەنگەوە بەسەر کۆمەڵگاکاندا دەسەپێنن، وەک لە کتێبی (کۆمەڵگای کراوە و دوژمنەکانی)دا دەیبینین. (پۆپەر) ڕەخنەی توند لە فەلسەفەی مێژووگەرایی دەگرێت، کە بە شێوەیەکی کۆنکرێتی مەبەستی فەلسەفەی (پلاتۆن)، (هیگڵ) و (مارکس)ە، واتە ئەو فەلسەفانەی وا

لە مێژوو دەڕوانن، کە ڕەوتێکی ڕێک و ڕاستە و لەژێر زەبری حەتمیەتدایە، بەو مانایەی هەر دەبێت بەپێی ئەو پێشبینییەی ئەوان بچێتە پێشەوە. لە کتێبی (هەژاریی ئایدۆلۆجیا)دا ئەو پێشبینییانە بە خورافە دەزانێت و پێی وایە ناکرێت نە لەسەر ئاستی ئەقڵ و نە لەسەر ئاستی زانستدا پێشبینیی چۆنیەتیی ڕەوتی مێژوو بکرێت، بەو پێیەی مێژووی مرۆڤایەتی لە لایەک پێوەندیی بە خێراییی گەشەکردنی مەعریفەوە هەیە و لە لایەکی دیکەش مەحاڵە نە لە ڕێگای زانست و نە لە ڕێگای ئەقڵەوە پێشبینیی ئەوە بکرێت، کە مەعریفەی زانستیی مرۆڤ لە ئاییندەدا چۆن گەشە دەکات. هەر چۆنێ بێت ڕەخنە چ لە ئایدۆلۆجیاکان و چ لە بیرۆکەی مێژووگەراییی لای (کارل پۆپەر) زۆر جیاوازە لەو بۆچوونە ڕووکەشانەی (فۆکۆیاما). (کۆتاییی مێژوو) تێزێکی فەلسەفی نییە، بەڵکو خوێندنەوەیەکی پراگماتیکییە بۆ ئەو ڕووداوانەی لە ئەنجامی کۆتاییهاتنی شەڕی سارددا هاتنە کایەوە. بانگەشەیە بۆ دیموکراتیی لیبرالیزمی سەرمایەداری، کە بە کۆتاییی پەرەسەندنی مێژووی ئابووریی سیاسیی دەزانێت. باوەڕی وایە مرۆڤ ئاژەڵێکی سیاسییە و لەناو ئەو دنیایەی لیبرالیزمی سەرمایەداریدا دوایین بوونەوەرە، کە لەوێدا دەستەڵاتێکی سنووورداری دەوڵەت هەیە و گەلەکان لە هەڵبژاردنی حوکمڕانیدا ئازادن. پێی وایە مادام شەڕ بە سەرکەوتنی دیموکراتیی لیبرالی تەواو بووە، کەواتە دەکرێت وەکو کۆتاییەکی دڵخۆشکەر لێی بڕوانین، بەوەی دیموکراتییە لیبرالییەکان خۆیان لە دژی یەکتر ناوەستنەوە و هەموو ئەو دیموکراتییە تازەپێگەیشتووانەش بە سیستێمی بازاڕی سەرمایەدارییەوە گرێ دەدرێن، بەو پێیەی پەرەسەندنی ئابووری زەمینە بۆ دیموکراتی و خۆشگوزەرانی و ئارامی خۆش دەکات، کە ڕووداوەکانی دوای ئەوە لە سەرووی هەموویانەوە یانزدەی سێپتێمبەر ئەو پێشبینی و گەشبینییەی (فۆکۆیاما)یان پێچەوانە پێشان دا. ئەوەیشی کە پێی وایە مێژوو لە شۆڕشی فرانسییەوە هەتا ئێستا دەریخستووە، گوایە دیموکراسی چاکترین سیستێمی حوکمڕانییە، دیسان خۆشباوەڕییە، چونکە ئەو دیموکراسییەی ئەو پێی وایە بە پەرەسەندنی زانستە مۆدێرنەکانەوە بەستراوەتەوە و گوایە لە توانایدا هەیە بەسەر نەخۆشی و برسێتیدا زاڵ ببێت و یەکسانی و ئاسوودەیی بۆ دنیا بهێنێت، ئەوا هیچ کاتێک ئەو زانستانە بۆ لەناوبردنی نایەکسانی و دواکەوتوویی و هەژاری نین، بەڵکو بەشێکن لە شمەکەکانی بازاڕی سەرمایەداری و بە دەست کەمایەتییەکەوەن. مێژووی ئەو چەند ساڵەیش دەریخستووە، کە نەخۆشی و برسێتی و هەژاری و نایەکسانی لە زیاد بوونن. وەکو (دێریدا) پێی وایە ئەگەر کۆتاییی مێژوو بە دیموکراتی لیبرالی بەسترابێتەوە، ئەوا هێشتا ئەو دیموکراتییە لیبرالییە لە سەرتاپای دنیا بە دی نەهاتووە و برسێتی و هەژارییش تەنانەت لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاواشدا بنبڕ نەکراون، بگرە سەرمایەداری خۆی بە دەست کۆمەڵێک کۆنترادیکشنی ناوخۆییەوە دەتلێتەوە. (فۆکۆیاما) زۆر گەشبینانە، بگرە زۆر ڕووکەشییانە دەڕوانێتە زانستە سرووشتییەکان و لەو بڕوایە دایە شوێنی ململانێی چینایەتی دەگرنەوە، کە فەلسەفەی (مارکس)ی لەسەر وەستاوە، بەو پێیەی پێشکەوتنی ئابووری هەر خۆی وەکو پێویستییەکی ژیان دیموکراسی بەسەر کۆمەڵگادا دەسەپێنێت. تەنانەت پێی وایە لەگەڵ پەرەسەندنی دیموکراتیی لیبرالیزمدا شەڕی نێوان نەتەوەکانیش نامێنێت، چونکە هەستی نەتەوایەتییش پێوەندیی بە دواکەوتنی پیشەسازی و شارستانییەتەوە هەیە، کە ئەمەشیان هەر زوو کورتی هێنا، ئەگەرچی نکووڵی لەوە ناکرێت، کە لەسەردەمی گلۆبالیزمدا هەستی نەتەوەیی و نیشتیمانی لاواز بوون. (کۆتاییی مێژوو و دوایین مرۆڤ)ی (فۆکۆیاما) لەسەر دوو بیرۆکەی سەرەکی وەستاوە، کە یەکەمیان ڕێکۆگنیشن (إعتراف)ی (هیگڵ) و دووەمیان (دوایین مرۆڤ)ی (نیچە)یە، ئەو مرۆڤەی (نیچە) لە کتێبی

(زەردەشت بەم شێوەیە دوا)دا بەرجەستەی دەکات، کە لە ڕیسک و سەرکێشی دەترسێت و دەبێتە بوونەوەرێکی ناو مێگەل. مەبەست لە (دوایین مرۆڤ) کۆی ئەو مرۆڤانەیە، کە لە دوا سەردەمی مێژوودا دەژین، بەوەی بە تەمبەڵی، دەستەپاچەیی و ترسنۆکی ماونەتەوە و نەبوونەتە سۆپەرمان. ئەگەرچی (فۆکۆیاما) خۆی پێی وایە ئەم لەوەدا لەگەڵ (نیچە)دا نییە، کە ئەو دوژمنی دیمۆکراتی و عەقڵیانییەتە. ڕاستییەکەی کۆنتێکستی بۆچوونەکانی (فۆکۆیاما) زیاتر لەناو فەلسەفەی (هیگڵ)دا دەدۆزرێنەوە، بۆیە ئەمە ئەوەمان بەسەردا دەسەپێنێت، کە هەڵوێستەی زیاتر لەسەر ئەم لایەنە بکەین، بە تایبەتی بیرۆکەی ڕێکۆگنیشن (إعتراف)، کە ئەمەیش پێوەندیی بە هاتنەدەرەوەی خود هەیە لە خۆی، هەتا لەگەڵ خودەکانی دیکەدا بکەوێتە ململانێ و ددانی پێدا بنێن، بەڵام هەر کاتێ لەو ململانێیەدا تێکشکا، ئەوا بە ناچاری دەستبەرداری سەربەستیی خۆی دەبێت و مل بۆ ئەوانی دیکە کەچ دەکات. واتە بەوە ڕازی دەبێت لە خودەوە ببێتە بابەت. (هیگڵ) لێرەدا پێ لەسەر ڕەگەزی هۆشیاریدا دەگرێت، بەوەی هۆشیاریی سەرکەوتوو لە لایەن هۆشیاریی دۆڕاوەوە ددانی پێدا دەنرێت، کە ئەمە پێوەندیی نێوان کۆیلە و خاوەنکۆیلەیە. لەمەوە هەموو شەڕ و پێکدادانەکانی دنیا هەر لە سەرەتای مێژووەوە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە، کە مرۆڤ دەیەوێت وەکو بوونەوەرێک ددانی پێدا بنرێت و دۆڕاو لەپێناو مانەوەدا بە کۆیلایەتی ڕازی دەبێت. کەواتە هۆشیاریی خود و واقیعی مرۆڤ لەو ئارەزووەوە سەرچاوە دەگرن، کە مرۆڤ بۆ بەدەستهێنانی ددانپێدانان هەیەتی. باوەڕی وایە بەبێ ڕیسک و سەرکێشی سەربەستی بە دەست نایەت، بۆیە مرۆڤ بەردەوام پەنا بۆ ململانێ دەبات. کەواتە ئەو لەو کۆمەڵگایەی ئارامی باڵی بەسەردا کێشاوە، ناتوانێت هەست بە ژیان بکات، بەڵکو لەپێناو بەدەستهێنانی شوێنی بەرزی خۆیدا، دەکەوێتە ململانێوە. وەک دەبینین بەدەستهاتنی ڕێکۆگنیشن (إعتراف) بە ململانێ و شەڕەوە دەبەستێتەوە، چونکە هەموو زیندووێک پێویستی بەوە هەیە لە لایەن ئەوانی دیکەوە ددانی پێدا بنرێت، بەڵام پارادۆکسال ئەوەیە دەبێت سەرکەوتوو و دۆڕاو لە ژیاندا بمێنن، بەو مەبەستەی دۆڕاو ددان بە براوەدا بنێت و براوەیش هەست بە بردنەوەی خۆی بکات، چونکە لەگەڵ مردندا ئەو دوو هەستەش نامێنن. دەگاتە ئەوەی بڵێ دوو جۆر مرۆڤ هەن، ئەوانەی توانایان هەیە ڕیسک بکەن و ژیانی خۆیان بخەنە مەترسییەوە، کە ئەوانە (سەردار)ن و ئەوانەی ناتوانن ژیانی خۆیان بخەنە مەترسییەوە، کە کۆیلەن. لای (مارکس) ئەو هاوکێشەیە دەستکاری دەکرێت و کۆمەڵگا بەسەر ئەوانە دابەش دەکات، کە خاوەنی هۆیەکانی بەرهەمهێنانن و ئەوانەی لەو هۆیانەی بەرهەمهێنان بێبەشن. (هیگڵ) بەپێی ئەو لۆژیکەی خۆی بڕوای وایە سرووشتی مرۆڤ دیاری ناکرێت، چونکە مرۆڤ سەربەستە و بەردەوام لە گۆڕاندایە. لە ڕێگای ئەو گۆڕان و سەربەستیەشەوەیە دەتوانێت بە درێژاییی مێژوو سرووشتی خۆی بینا بکات، کە هەر ئەمەشە لە ئاژەڵی جیا دەکاتەوە، بەوەی تەنیا پێویستی بە نان و ئاو و جێگا نییە، بەڵکو پێویستی بەوەیشە وەکو بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی ددانی پێدا بنرێت. لێرەوەیە پێی وایە ئەقڵ دنیا کۆنترۆڵ دەکات، کەواتە هەر ئەقڵیشە مێژوو بە ڕێوە دەبات، مادام ئەقڵ جەوهەری مێژووە، بەڵام مێژوو کاتێ دەست بەسەر واقیعدا دەگرێت، بەپێی لۆژیکی ناوەوەی خۆی ڕێکی دەخات، کە لێرەدا ڕۆڵی کارەکتەرە مێژووییەکان لە بەرچاو دەگرێت، مادام ئەوان لەگەڵ مێژوودا کارلێک دەهێننە کایەوە، وەک دەبینین تا سەر ئێسقان بە (ناپلیۆن) سەرسام بووە. لای (هیگڵ) ڕۆحی ئەقڵی ڕەها لەناو مێژوودا بە دەست دێت. لێرەشەوەیە (هیگڵ) بە دەوری خۆی کۆتاییی بۆ مێژوو داناوە، بەوەی لە دوای شۆڕشی فرانسییەوە هیچ گۆڕانکارییەکی دیکەی لەم ئاستە نایەتە کایەوە، کە لە سیستێمی دیمۆکراتیی

لیبرالیدا جێگیر بووە. هەروەها پێی وایە (کۆماری پروسیا) باشترین شێوازی دەوڵەتە و بەرزترین نموونەی ئازادیی مرۆڤ لە خۆی دەگرێت، وەکو چۆن (فۆکۆیاما)یش ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە نموونەی بەرزی دیمۆکراتیی لیبرالی دەزانێت. هەروەها لەسەر هەمان ڕێتمی (هیگڵ) جەخت لەسەر خۆپڕچەککردن دەکاتەوە و ئەمە بە تاکە بزوێنەری مێژوو دەزانێت، بەوەی پێی وایە بەرهەمی زانستە سرووشتییەکانی مۆدێرن و هۆشیاری خودە، کە ململانێ لەپێناو ڕێکۆگنیشنەوە ئاڕاستە دەکات. ئەو دوو تایبەتمەندییەش لە دیمۆکراتیی لیبرالیزمدا هەن. وەک دەبینین بۆچوونی (فۆکۆیاما) بۆ ئەو بیرۆکەیەی (هیگڵ) دەگەڕێتەوە و بانگەشەکەی لەوەدا کورت دەبێتەوە، کە مادام ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا شەڕی بردووەتەوە، ئەوا دەبێت وەکو سەرداری دنیا لە لایەن دۆڕاوەکانەوە ددانی پێدا بنرێت، لە بەرانبەر ئەوەدا ئەوان وەکو کۆیلە لە ژیاندا بمێننەوە. (ئەنتۆنیۆ نێگری) و (میکایل هارد)، کە بە داهێنەری چەمکی (ئیمپراتۆریەت) دادەنرێن، بەوەی پێیان وایە ئەمریکا ئیمپراتۆرییەتێک نییە لە شێوەی ئیمپراتۆرییەتەکانی ئەوروپا، بەڵکو ئیمپراتۆرییەتێکە لە شێوەی گلۆبالیزم، دەگەنە ئەوەی بڵێن ئەو ئیمپراتۆرییەتە بەوە دەناسرێتەوە، کە نەک هەر سێنتەرێکی دیاریکراوی نییە، بەڵکو هەر سێنتەری نییە. یان بە مانایەکی دیکە سێنتەری لە هەموو شوێنێکی ئەم سەرزەمینەدا هەیە. لە لایەکی دیکە بە بڕوای من (کۆتاییی مێژوو)ی (فۆکۆیاما) ئەگەر دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبووە، ئەوا بە پلەی یەکەم بۆ ڕۆڵی مێدیا دەگەڕێتەوە، وەکو (ڕێجیس دۆبریە) پێی وایە مێدیای بینین لە شێوەی سینەما، تیڤی، کۆمپیوتەر و ئێنتەرنێت لەم سەردەمەدا، کە شوێنی قسە و نووسینی گرتووەتەوە، وەکو سەرداری جیهان حوکم دەکات و توانیویەتی سەر بە ڕۆشنبیری دانەوێنێت. دەگاتە ئەوەی بڵێت یەکییەتیی سۆڤیەت لە بەرانبەر ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نەیتوانی وێنە، نەوەک فیکر بەرهەم بهێنێت، بۆیە تێکشکا. دوای هەموو ئەوانە دەبێت بزانین، کە ئەو بۆچوونانە بە هەر ئاڕاستەیەک بن و توانایان هەرچەندێک بن، ناتوانن (مارکس) وەکو فەیلەسووف، کۆمەڵناس و ئابووریزانێک بسڕنەوە. ڕووخانی یەکییەتیی سۆڤییەت ڕووداوێکی سیاسییە و پەیوەندیی بە فەلسەفەی (مارکس)ەوە نییە، یان لانی کەم دەکرێت لەگەڵ (دێریدا)دا بڵێین، کە ئەمە کۆتاییی شێوەیەکی دیاریکراوی مارکسیزمە، لە کاتێکدا (دێریدا) ڕووخانی یەکییەتیی سۆڤییەت بۆ پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو دەگێڕێتەوە. کەواتە (مارکس) وەکو فیکر جیاوازە لە (مارکس) وەکو دیاردە. ئەوەی یەکەمیان (مارکس)ی ڕەخنەگرە، بۆیە درێژبوونەوەی هەیە، بەڵام ئەوەی دووەمیان، کە خۆی لە کۆی ئەزموونە جیاوازەکانی سۆسیالیزمدا دەبینێتەوە، بە شێوەیەک لە شێوەکان کۆتاییی هاتووە. (مارکس) بە پلەی یەکەم ڕەخنەگری سەردەمەکەیەتی، بۆیە هێندەی ڕەخنەی لە کەپیتالیزم گرتووە، هێندە خۆی بە پێشبینییەوە خەریک نەکردووە. ئەوانەی لە فەلسەفەی ئەویان کۆڵیوەتەوە، بۆیان دەرکەوتووە، کە لە بەرانبەر ئەو هەموو ڕەخنانەی لە کەپیتالیزمی گرتوون، تەنیا شتێکی کەمی لەبارەی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمەوە گوتووە، ئەگەرچی ئێمە ئەوە دەزانین، کە فەلسەفەی ئەویش بە تەعبیری (کارل پۆپەر) یەکێکە لە فەلسەفە مێژووگەراییەکان. پارادۆکس ئەوەیە (فۆکۆیاما) لە ئەنجامی ڕووخانی بلۆکی سوسیالیستییەوە جاڕی مەرگی ئایدۆلۆجیای دا، کە بە پلەی یەکەم مەبەستی (مارکس)ە، کەچی خۆی بەرگەی چەند ڕووداوێکی نەگرت و کۆتاییی پێ هات، لە کاتێکدا هەر ئەو ڕووداوانە جارێکی دیکە (مارکس)یان هێنایەوە، ئەگەرچی وەکو پێشتر گوتمان نەڕۆیشتبوو. نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت، کە بەردەوام خوێندنەوەی جیاواز لە خوێندنەوەی (مارکس) بۆ کەپیتالیزم کراوە. هەر بۆ

نموونە (ماکس ڤیبەر)یش وەکو کۆمەڵناسێک لەبارەی سەرمایەداری و دەرکەوتنی کۆمەڵگای پیشەسازییەوە بۆچوونی جیاوازی هەیە. ئەگەر (مارکس) بە پلەی یەکەم پشت بە فاکتەری ئابووری دەبەستێت، ئەوا (ماکس ڤیبەر) لە (مۆراڵی پرۆتستانتی و ڕۆحی سەرمایەداری)دا ڕۆڵی بیروباوەڕی ئایینی و ترادیسۆنەکان لە سەرهەڵدانی سەرمایەداریدا بە هەند هەڵدەگرێت. خوێندنەوەکانی (ماکس ڤیبەر) هەتا ئێستاش کاریگەرییان ماوە. چەمکەکانی وەکو (شمەک)، (ململانێی چینایەتی)، (کەڵەکەبوونی سەرمایە)، (زێدەبایی) و زۆری دیکە چ پێش (مارکس) و چ دوای (مارکس)یش خوێندنەوەی جیاوازیان بۆ کراوە. وەکو لای (مینارد کینز) و (جۆزیف چۆمپیتەر)دا دەیبینین، کە وەکو پارادۆکسێک ئەو دوو ئابووریناسە لە ساڵی مردنی (مارکس)دا لە دایک بوون. چەمکی (مردن) و (کۆتایی) لەناو فیکری ڕۆژئاوادا نوێ نییە، بگرە هەر لای (مارکس) و (ئەنگلز) خۆیشیانەوە ئەو چەمکانە لە شێوەی جیاوازدا کاریان پێ کراوە. (هەژاریی فەلسەفە)ی (مارکس)، کە بە کارە سەرەتاییەکانی دادەنرێت و ڕەخنەیە لە (فەلسەفەی هەژاری)ی (پیر جۆزیف پرۆودۆن)، تێیدا بۆ یەکەمجار لە بونیادی ئابووریی سەرمایەداری دەکۆڵێتەوە و دەگاتە ئەو باوەڕەی، کە ململانێی چینایەتی لەنێوان چینی پرۆلیتاریا و بۆرجوازیدا هیچ ئاشتبوونەوەیەک هەڵناگرێت، بەڵکو لەناوبردنی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگای بێچینایەتیی حەتمییە. لێرەدا (مارکس) تەنیا مەرگ بە چینی بۆرجوازی نابەخشێت، بەڵکو بە گیانی (ئۆدیپ)یانە کۆتایی بە فەلسەفەی (پرۆودۆن)یش دەهێنێت، کە سەردەمێک وەکو قوتابی لەژێر کاریگەریی ئەودا بووە. لە (ئایدۆلۆجیای ئەڵمانی)یشدا کۆتایی بۆ فەلسەفەی ئەڵمانی دادەنرێت، بەوەی ئەو فەلسەفەیە لەسەر مێدیتەیشن (تأمل)، نەوەک لەسەر مێژوو دامەزراوە، چونکە مێژووی مرۆڤ بە مێژووی پیشەسازی و بازرگانییەوە دەبەستێتەوە، کە پێشتر لای (هیگڵ) مێژوو و فەلسەفە دوو ئاراستەی جیاواز لە یەکتریان هەبوو. لە دیدی (مارکس)ەوە ئەوە مرۆڤە، بەڵام ئەو مرۆڤەی خاوەنی هۆشیاریی چینایەتییە، نەوەک مێژوو، کە لە ڕێگای ململانێوە توانای کردار و نوێبوونەوەی هەیە، بۆیە مێژوو بە هۆشیاریی چینایەتییەوە دەبەستێتەوە. بە مانایەکی دیکە وای دەبینێت، کە بەپێی دیالێکتیکی مێژوویی سیستێمی سەرمایەداری لە ڕێگای ململانێی چینایەتییەوە بۆ سیستێمی کۆمۆنیزم دەگۆڕێت، کە پێی وایە ئەو سیستێمە لەسەر بنەمای یەکسانی و ئازادی و خۆشگوزەرانی دادەمەزرێت و لەوێوە ململانێی مرۆڤ و سرووشت دەست پێ دەکات. کەواتە شوێنی کارکردنی ماتریالیزمی مێژوویی ئەو کۆمەڵگایانەن، کە لە ڕووی پیشەسازی و بازرگانییەوە پێشکەوتوون، هەر بۆیە وەکو پێشتر گوترا ئەڵمانیای بە شوێنی خەونەکانی خۆی نەدەزانی. هەر لە (ئایدۆلۆجیای ئەڵمانی)دا دەڵێ: (ئەڵمان هەرگیز بنەمایەکیان نەبووە بۆ مێژوو، هەر بۆیە یەک مێژوونووسیشیان نییە). دەگاتە ئەوەی بڵێ مێژوو ئەو مەتەڵەیە، کە سەری فەیلەسووف دەسووڕمێنێت، بەڵام بە هاتنی کۆمۆنیزم ئەو مەتەڵە هەڵدەهێنرێت. وەک دەبینین بەپێی ماتریالیزمی مێژوویی (مارکس) پەرەسەندنی فیکر، فەلسەفە، زمان و هەموو ئەوانەی دیکە بە فاکتەری ئابووری و هۆیەکانی بەرهەمهێنانەوە بەستراونەتەوە. دواجار (مارکس) بە شێوەیەکی دیکە کۆتاییی مێژوو دەخاتە ناو چوارچێوەی کێشەی نێوان مرۆڤی ڕزگاربوو لە کۆتی سەرمایەداری و سرووشتەوە، بەڵام (مارکس) پێشبینیی ئەوەی نەکردووە، کە ئەو سرووشتە لە ئەنجامی خراپیی بەکارهێنانی لەپێناو قازانجدا توانای ململانێی نامێنێت. لە لایەکی دیکە چەمکی (مردن) و (کۆتایی) لە (نیچە)وە درێژ دەبێتەوە، کە خودا دەمرێنێت و مەرگی هۆشیاریی میتافیزیکای مەسیحی و مۆراڵەکانی ئەو ئایینە ڕادەگەیەنێت و بە (فۆکۆ)دا تێدەپەڕێت، کاتێ جاڕی مەرگی

مرۆڤ و مۆدێرنیزم دەدات. (ڕۆلان بارت) لای خۆیەوە نووسەر دەمرێنێت و (دێریدا)یش قسە، بەوەی جەخت لەسەر نووسین دەکات.

*** ئایا توانای فەلسەفەی مارکسیزم لە گۆڕینی کۆمەڵگادا کۆتایی هات، یاخود ئەوە هەر مارکسیزمە کە توانای گۆڕینی کۆمەڵگای هەیە؟**

من وەڵامی هەردوو بەشی پرسیارەکە بە نەخێر دەدەمەوە. نەخێر، توانای فەلسەفەی مارکسیزم، کە من فەلسەفەی (مارکس)م پێ ڕاستترە، لە گۆڕینی کۆمەڵگادا کۆتاییی نەهاتووە و فەلسەفەی (مارکس)یش تاکە فەلسەفە نییە، کە توانای گۆڕینی کۆمەڵگای هەیە. بەر لە هەرچی هیچ فیکرێک سەد لە سەد لەناو واقیعدا پراکتیزە ناکرێت، چونکە واقیع لە لایەک شتێکی جێگیر نییە، بەڵکو بەندە بەو گۆڕانکارییانەی لەناوەوە و دەرەوەیدا ڕوو دەدەن و لە لایەکی دیکەش واقیع یەکەیەکی هاوڕێک نییە، بەڵکو پێکهاتەیەکە لە جیاوازی، بۆیە هەموو واقیعەکان بە فیکرە جیاوازەکان دەخوێندرێنەوە، نەوەک بە فیکرێکی دیاریکراو. لە توانای هیچ فیکرێکدا نییە لە هەموو بوارەکاندا ئیش بکات، بەڵکو هەر فیکرێک دەتوانێت بەشێکی واقیعی پێ بخوێندرێتەوە، بەڵام بێگومان هەندێک فیکر لە هەندێکی دیکە فراوانتر و زیندووترن. ئەگەر ئێمە ناتوانین سەد لە سەد ئەو بەرنامەیە پەیڕەو بکەین، کە بۆ کڕینی کەلوپەلەکانمان لە سوپەرمارکێتێکدا دامان ناوە و گۆڕانی بەسەردا دەهێنین، ئەی چۆن دەکرێت فەلسەفەیەک بکەینە بەرنامەیەک و لەم دنیا جەنجاڵەدا پراکتیزەی بکەین؟ ئەوانەی وا ڕەخنە لە (مارکس) دەگرن، گوایە نەیتوانیوە ئەو بەهەشتە لەسەر دنیا دابمەزرێنێت، تەمەنی بیروباوەڕی خۆیان زۆر لە هیی مارکس گەورەترە و نەیانتوانیوە تاقە ڕۆژێک عەدالەت بۆ مرۆڤ دابین بکەن. ئەو ڕەخنەیە زۆر سادەیە و دەبێت ڕەخنەی جددی هەر خێرا تێیپەڕێنێت. فەلسەفەی (مارکس) خۆی لەسەر بنەمای ڕەخنە دامەزراوە و ئەو سەرەنجامانەی ئەو لە ڕێگای خوێندنەوە و ڕەخنەوە لە فیکری پێش خۆی و هیی سەردەمی خۆیدا بە دەستی هێنان، نەبوونە هۆی سڕینەوەی ئەوان، بەڵکو زیاتر زیندوێتیی پێ بەخشین. بۆ نموونە گرنگیی فیکری (هیگڵ) و (فیورباخ) لە دوای خوێندنەوە و ڕەخنەکانی (مارکس)ەوە زیاتر بوون، بەوەی هەر ڕەخنەگرێک ویستبێتی کار لەسەر تێزەکانی (مارکس) بکات، پێویستی بە خوێندنەوەی هەموو ئەو فیکرانە هەبووە، کە ئەو پێیان کاریگەر بووە و ڕەخنەی لێ گرتوون، چونکە فیکرە زیندووەکان لە لایەک توانای ئەوەیان هەیە لەسەر فیکری پێش خۆیاندا دابمەزرێن و ئیزافەیان پێ ببەخشن، لە لایەکی دیکە لە دەستیان دێت چ خۆیان و چ ئەو فیکرانەی پێش خۆشیان بەرەو ئاییندە درێژ بکەنەوە، کە ڕەخنەگران ئەو هێزە لە فەلسەفەی (مارکس)دا دەبینن. بە مانایەکی دیکە ئێمە نە دەتوانین هەموو ئەوانە بەلاوە بنێین، کە (مارکس) لە ڕێگای خوێندنەوە و ڕەخنەی خۆیەوە یەکلای کردوونەتەوە و نە دەشکرێت ئەو ڕەخنانە فەرامۆش بکەین، کە لە (مارکس) گیراون، وەکو لە پێشەوە گوترا فەلسەفەی ئەو فەیلەسووفە بە ناو فیکری سەردەمی خۆی و هیی دوای خۆیشیدا درێژ دەبێتەوە. بۆ نموونە ئێمە ناتوانین خوێندنەوە جیاوازەکانی (ئالتوسێر)، (گرامشی)، (هابرماس)،

(ئیریک فرۆم)، (کارل پۆپەر) و زۆری دیکە بە هەند هەڵنەگرین، مادام ئەو خوێندنەوانە فەلسەفەی (مارکس)یان فراوان کردووە و هەوڵی تەواوکردنیان داوە، کە هیچ فیکرێک تەواو نابێت، مادام هەر تێکستێک دەیان دەروازەی لە بەردەم خوێندنەوە جیاوازەکاندا هەن. بۆ نموونە (ئیریک فرۆم) هەوڵی داوە پێوەندی لەنێوان فەلسەفەی (مارکس) و تیۆری لێکۆڵینەوەی سایکۆلۆجیدا دابمەزرێنێت، چونکە ئەو هەست دەکات (مارکس) گوێی بە فاکتەری سایکۆلۆجی نەداوە، کە ئەوەیان ڕۆڵی گرنگ لە غەریزەی موڵکداریێتیدا دەبینێت. هەروەها چەمکی (نامۆبوون) پەرە پێ دەدات و مانایەکی دیکەی جیاواتر لەوەی (مارکس)ی پێ دەبەخشێت، بەبێ ئەوەی بەو تێگەیشتنەی (فرۆید)یش رازی بێت، کە ئەو بە شێوەیەک لە شێوەکانی چەپاندنی دەزانێت. (فرۆم) پێی وایە سەرچاوەی نامۆبوون ئەوەیە، کە مرۆڤ لە کۆمەڵگای پیشەسازیدا، جا سیستێمەکە سەرمایەداری بێت، یان سۆسیالیستی، دەکرێتە ئامێر و سێنتەری خۆی وەکو مرۆڤ لە دەست دەدات، چونکە دەستەڵاتی بەسەر کردارەکانیدا نامێنێت. دواجار لە سرووشت و لە کۆمەڵگا دادەبڕێت. مەبەستمان نییە باس لە چەمکی نامۆبوون لای (فرۆم) بکەین، بە قەدەر ئەوەی دەمانەوێت بڵێین ناکرێت ئێمە خوێندنەوەکانی (فرۆم) بە ئیزافە بۆ سەر فەلسەفەی (مارکس) نەزانین، چونکە هەموو ئیزافەیەک ئەنجامی بینینی جیاوازە بۆ ئەو خاڵەی پێشتر لە لایەن چاوی پێشووەوە سەرنجی لێ دراوە. بە لاکەی دیکەدا (فرۆم) پشتی بە فەلسەفەی (مارکس) بەستووە و ڕەخنەی لە (فرۆید) گرتووە. لەسەر هەمان چەمکی نامۆبوون چ (گرامشی) و چ (ئالتوسێر)یش کەموکوڕی لە فەلسەفەی (مارکس)دا دەبینن و هەوڵ دەدەن قووڵی بکەنەوە. ئەگەر لە لایەکی دیکەوە (هابرماس) بە نموونە بهێنینەوە، کە وەکو یەکێک لە ڕابەرانی قوتابخانەی فرانکفۆرت بە فەلسەفەی (مارکس) کاریگەرە و ڕەخنەکانی ئەو ڕۆڵی گەورەیان لە درێژکردنەوەی فەلسەفەی (مارکس)دا هەبووە، کەچی پێی وایە بۆچوونی (مارکس) لەبارەی ئەوەی گوایە کەپیتالیزم لە ئەنجامی قەیرانەکانەوە لە ناو دەچێت، هەڵەیە، چونکە ئەو سیستێمە توانای خۆتازەکردنەوە و گۆڕانکاری و خۆگونجاندنی هەیە لەگەڵ پێشهاتەکاندا. هەروەها (هابرماس) پێی وایە (کار) تاکە شتێک نییە، کە مرۆڤ لە ئاژەڵ جیا دەکاتەوە وەکو (مارکس) باوەڕی وایە، بەڵکو (زمان و گەیاندن)یش هەمان ڕۆڵیان هەیە. واتە ئەگەر (کار) سەرچاوەی بەرهەمهێنانی ئامێر و تەکنیکە، کە مرۆڤ دەتوانێت لەو ڕێگایەوە دەست بەسەر سرووشتدا بگرێت و لە بەرژەوەندیی مرۆڤایەتیدا بە کاری بهێنێت، ئەوا (زمان)یش هۆکارێکی دیکەیە و مرۆڤ لە ڕێگایەوە کۆمەڵگای خۆی پێ دەگۆڕێت. وەک دەبینین (هابرماس) بەپێی تیۆری کرداری کۆمینیکەیشن جەخت لەسەر جۆرێک دیالۆگ و ڕێککەوتن دەکاتەوە لەنێوان چین و گرووپە جیاوازەکاندا، چونکە لە زمانی تێگەیشتندا عەقڵانییەت خۆی حەشار داوە و ئەمە دەبێتە نزیکبوونەوەی تێڕوانینەکان، ئەنجام چارەسەرکردنی کێشەکانی بە دوادا دێت، کە ئەمە لای (مارکس) نابینرێت، ئەگەرچی ئەو تێگەیشتنەی (هابرماس) لە لایەن فەیلەسووفانی پۆستمۆدێرنیزمیشدا دەکەوێتە بەر ڕەخنە، بەوەی ئەوان باوەڕ ناکەن ئەو ڕێککەوتنە بێتە دی. (ئەنتۆنیۆ نێگری) لە گفتوگۆیەکیدا دەڵێ لادان لە مارکسیزم و تێپەڕاندنی، مانای ئەوە نییە، کە بە کەڵک نایەت، بەڵکو وا پێویست دەکات چاو بە

(کەپیتاڵ)دا بخشێنینەوە. وەک هەر لەو گفتوگۆیەیدا ڕەخنە لە دیدگای (مارکس) دەگرێت، کە سەرمایە بۆ چەسپاو و نەچەسپاو دابەش دەکات و پێی وایە ئەو دوو بەشە لە یەکتر جیا ناکرێنەوە. (نێگری) دەڵێ ئەو دووانە لە یەکتر جیاوازن، بەوەی سەرمایەی چەسپاو تەنیا کارگە کۆنترۆڵ ناکات، بەڵکو دەست بەسەر سەرجەمی کۆمەڵگادا دەگرێت. هەر بەم پێیە باس لە گۆڕانی ئەو پرۆلیتاریایەش دەکات، کە (مارکس) لە سەدەی نۆزدەهەم لە (کەپیتاڵ)دا بەرجەستەی کردووە. بە گشتی دەبێت لەو ڕوانگەی (نێگری)یەوە ئەوە لە بەرچاو بگرین، کە کۆمەڵگای سەرمایەداری لە ڕووی سۆسیۆلۆجییەوە تەواو جیاوازە لەگەڵ ئەو وێنەیەی (مارکس) لە سەدەی نۆزدەهەمدا پێشانی داوە. ئەو پرۆلیتاریایەی ئەو بە فاکتەری گۆڕانگارییەکانی دەزانێت، خۆی گۆڕانی بەسەردا هاتووە. (مارکس) پێی وایە هەتا سەرمایەداری زیاتر گەشە بکات، گوزەرانی ئەو پرۆلیتاریایە خراپتر دەبێت، گوایە پرۆلیتاریا لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا تەنیا ئەوەندەی بەر دەکەوێت، هەتا لە ژیاندا بمێنێتەوە و لە ڕووی بایۆلۆجییەوە لە ناو نەچێت. ئەو هاوکێشەیە وەکو خۆی نەماوەتەوە، چونکە هەر لەو کۆمەڵگا سەرمایەدارییانەدا پرۆلیتاریا لەوە دەرچووە لەپێناوی مانەوەی لە ژیاندا هێزی کاری خۆی بفرۆشێت. بە کورتی ئەگەر (مارکس) بە ڕۆماننووسێک بزانین، کە هەر بە ڕاستییش پێش ئەوەی ڕوو بکاتە بواری فەلسەفە، ڕۆمانێکی بە ناوی (سکۆرپیۆن و فیلیکس)ەوە نووسیوە و هەستی کردووە تێیدا سەرکەوتو نەبووە؛ ئەوا بۆمان دەردەکەوێت ئەو ڕۆماننووسە وەکو زۆربەی ڕۆماننووس و چیرۆکنووسانی سەردەمەکەی سۆزێکی زۆر گەورەی بۆ کارەکتەرە سەرەکییەکەی هەیە، کە ناوی پرۆلیتاریایە. کۆمەڵێک فاکتەری بۆ دامەزراندووە، بە پلەی یەکەم ئابووری، هەتا باری دارایی و گوزەرانی خراپ بێت و لە سایکۆلۆجیایدا ڕەنگ بداتەوە، بەو مەبەستەی لە لایەک بیانووی بەگژداچوونەوەی هەبێت و لە لایەکی دیکە لە لایەن زۆرینەوە هیوای سەرکەوتنی بۆ بخوازرێت. کۆتاییەکی دڵخۆشکەری بۆ داناوە، کە لەگەڵ شێوازی ستانداردی چیرۆک و ڕۆمانی ئەوسادا دەگونجێت، بەوەی نەک هەر سەرمایەداری بەو هەموو هێزە گەورەیەوە لە ناو دەبات، بەڵکو لەگەڵ سروشتیشدا دەکەوێتە ململانێیەوە و خۆشگوزەرانی بۆ ئەم دنیایە دەهێنێت. لە بەرانبەر ئەوەدا (مارکس) زۆر بە باڵای ئەو بورژوازییەدا هەڵدەڵێ، کە پێی وایە پرۆلیتاریا لە ناوی دەبات، وەک بڵێی بیەوێت پێمان بڵێ پرۆلیتاریا، کارەکتەرە سەرەکییە بێخەوشەکەی، چ پاڵەوانێکی گەورە دەبەزێنێت. لە هەموو ئەمانەدا تەنیا مەبەستمە بڵێم فەلسەفەی (مارکس) هەڵگری ڕەگەزەکانی دیالۆگ و کارلێکردنە لەگەڵ فیکرەکانی دیکە و توانای درێژبوونەوەی هەیە. بە مانایەکی دیکە کاتێک دەتوانین باس لە گرنگیی فەلسەفەی ئەو بکەین، کە خوێندنەوە و ڕەخنەمان هەیە، چونکە ڕەخنەگر تەنیا لە ڕێگای خوێندنەوە و ڕەخنەوە دەتوانێت جیاوازی لەنێوان خۆی و ئەو فیکرەدا بێنێتە گۆڕێ، کە مەبەستیەتی لێی تێبگات. ڕەخنە مانای لەناوبردنی فکر نییە، بەڵکو مانای ئاکتیڤکردن و خستنەکاری ئەو فیکرەیە، چونکە فیکرەکان تەنیا کاتێک لە ئاستی چەسپاوەوە دەگەنە ئاستی جووڵە، کە فیکری دیکەیان بەر دەکەوێت و دەهەژێندرێن. لەگەڵ ئەو هەموو ڕەخنانەی لە (مارکس)، (نیچە) و (فرۆید) گیراون، بەڵام ئێمە هەر بۆیان دەگەڕێینەوە، چونکە

ئێمەش دەبێت لەوێوە جیاوازییەکانی خۆمان بەرهەم بهێنین وەکو چۆن ئەوان بەرهەمیان هێناوە. دەگەینە ئەوەی بڵێین فەلسەفەی (مارکس)یش وەکو سەرجەمی فەلسەفەکانی دیکە پێکهاتەیەکە لە ڕەخنەی خۆی چ لە فیکر و واقیعی سەردەمەکەی و چ هیی پێش سەردەمەکەی، هەروەها لە ڕەخنەی ئەوانی دیکە لەو، مادام فیکرەکان تەنیا لە ڕێگای ڕەخنە و لەسەر بنەمای ڕەخنە دادەمەزرێن. کەواتە هیچ فەلسەفەیەک بە تەنیا نە دادەمەزرێت و نە دەتوانێت توانای گۆڕینی هەبێت وەکو وەڵام بۆ پرسیارەکەی ئێوە. ئێمەی کۆمۆنیستانی هەشتاکان کاتێ گوێمان لە ناوی (ماکیاڤیلی)، (مالتوس)، (باکۆنین)، (پرۆودۆن) و ئەوانی دیکە دەبوو، یەکسەر بازمان بەسەردا هەڵدەدان، یان لانی کەم ئەوەندەمان بەس بوو، کە (مارکس) و (لینین) لەبارەیانەوە گوتویانە. نەماندەویست چەمکەکانی وەکو (چین)، (دەوڵەت)، (کار)، (زێدەبایی) و زۆری دیکە بێجگە لە (مارکس)، (ئەنگلز) و (لینین)، لە هیچ سەرچاوەیەکی دیکەوە ببیستین، کە ئەمە تێنەگەیشتن بوو لە فەلسەفەی (مارکس). ئێمە نەماندەتوانی ئەوە قەبووڵ بکەین، کە فەلسەفەی (مارکس) لە ڕێگای جیاوازییەوە کاریگەریی دەبێت و درێژ دەبێتەوە، نەوەک لە ڕێگای دووبارەکردنەوەیەوە، کە هەمیشە دووبارەکردنەوە جۆرێکە لە سادەکردنەوە و شێواندن. بۆ نموونە ئێمە نەماندەتوانی ڕەخنەی ڕەخنەگرێکی وەکو (کارل پۆپەر) بە هەند هەڵبگرین و ناومان لێ دەنا ڕەخنەگری بۆرجوازی.

*** لە دۆخی ئێستادا چۆن مارکس بخوێنینەوە؟ چۆن مارکس لەناو ئەو چوارچێوەی ئەو راڤە ئایدیۆلۆژییە و تێگەیشتنە دۆگماییە دەربهێنین کە لە تاکە رەهەندێکی ئایدیۆلۆژیدا کورتکراوەتەوە؟**

ئایا ئێمە لە دۆخەکانی پێشوودا هیچ کاتێک (مارکس)مان خوێندووەتەوە، هەتا خاوەنی جۆرێک خوێندنەوەی دیاریکراو بین و لەم دۆخەی ئێستادا بمانەوێت تێیپەڕێنین؟ لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا کەم و زۆر لەو بارەیەوە گفتوگۆمان کرد و پێویست ناکات بچینەوە سەریان. ئەوەندە دەڵێم نەخوێندنەوەی (مارکس) لە لایەن ئێمەوە لەبەر ئەوە نییە، کە فەلسەفەی ئەو بە کەڵکی خوێندنەوەی واقیع و فیکری کۆمەڵگامان نایەت، بەڵکو پێوەندیی ڕاستەوخۆی بەو توانا فیکرییە هەژارەمانەوە هەیە. ئایا ئێمە ئەگەر (مارکس)مان نەخوێندووەتەوە، بەڵام (پلاتۆن)، (ئیبن روشد)، (ئیبن خەلدون)، (ڕۆسۆ)، (هیگڵ)، (نیچە)، (هایدگەر) و (هابرماس) و ئەوانی دیکەمان خوێندووەتەوە؟ بۆ ئەوەی لە (مارکس) تێبگەین، پێویستمان بە خوێندنەوەیەکی جیاواز هەیە بۆ هەموو ئەو چەمکانەی (مارکس) کاری لەسەر کردوون. بەبێ ئەو خوێندنەوانە ئێمە ناتوانین لە پێکهاتەی فیکری (مارکس) نزیک ببینەوە و لێی تێبگەین. هەموو ڕەخنەگرە گەورەکانی دنیایش چ لە خوێندنەوەی فیکری (مارکس) و چ لە خوێندنەوەی فیکری ئەوانی دیکەدا، هەر ئەو میتۆدەیان گرتووەتە بەر، بەڵام هەر یەکەی لەسەر شێوازی خۆی. سەرنجم داوە ئێمە تەنیا ئەو کاتە هەست بە هەژاریی فیکری خۆمان دەکەین، کە دەمانەوێت لە تەوەرەیەکی ئاوادا لەبارەی یەکێک لە فەیلەسووفەکان، یان

لەبارەی چەمکێکی مەعریفییەوە بدوێین. دەکرێت لە خۆمان بپرسین بۆچی ناتوانین پشت بە بەشێکی زۆری ئەو گوتارە ڕەخنەییانە ببەستین، کە ڕۆژانە لە ڕۆژنامە و گۆڤار و سایتەکاندا بڵاو دەکرێنەوە؟ گفتوگۆی زۆربەی ئەو نووسەرانەمان بۆ بیر ناکەونەوە، کە دوای ئەوەی چەند جار لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاو دەکرێنەوە، ئینجا لە کتێبدا کۆ دەکرێنەوە و وەکو شاکار پێمانیان دەناسێنن؟ هۆکار چییە، کە بۆچوونی ئەو ڕەخنەگرانە یارمەتیمان نادەن، کاتێ لە گوتارەکانیاندا مەدالیای داهێنان بە بەرۆکی هاوڕێ و خزم و ڕۆڵەی شارەکانیانەوە دەکەن؟ ئەمانە ئەو پرسیارانەن، کە هەر کاتێ بمانەوێت لەبارەی کێشەیەکی مەعریفییەوە بدوێین، یەخەمان دەگرن. هەندێ لەو نووسەرانە بە شانازییەوە دەڵێن (مارکس) ناخوێنینەوە، وەک بڵێی خوێندنەوەی (مارکس) تەنیا بۆ کۆمۆنیستەکان بێت، ئەگەرچی بەشێکی هەرە زۆری کۆمۆنیستەکانی لای ئێمە دوور و نزیک ئاگایان لە (مارکس) نییە. وەک دەرکەوتووە پێوەندییەکی دیالێکتیکی لەنێوان (پیرۆزکردنی مارکس) و (نەخوێندنەوەی مارکس)دا هەیە، چونکە خوێندنەوە هەمیشە دەستەڵاتی پیرۆزیی تێکست تێک دەشکێنێت. سەرمایەداری زۆر کات لە سەردەمی قەیرانەکانیدا زیاتر لە مارکسییەکان سوودی لە (مارکس) بینیوە، چونکە خوێندنەوەی سەرمایەداری بۆ (مارکس) خوێندنەوەیەکی پێچەوانەیی و دوور لە پیرۆزکردنە. ئەگەر ئێمە لە قۆناغەکانی پێشووماندا هەوڵی خوێندنەوەی (مارکس)مان هەبێت وەک لای (حیلمی عەلی شەریف)، (ئارام)، (فوئادی مەجید میسری)، (فوئاد قەرەداغی)، (فازیلی مەلا مەحموود)، (ڕەوف حەسەن)، (محەمەدی مەلا کەریم)، (جەلال دەباغ) و هەندێکی دیکەدا دەیبینین، بەڵام دواتر ئەو هەوڵانە گەشەیان پێ نەدراوە. لەوانەش یەک دوانێکیان لێ دەربچێت، ئەگینا ئەوانی دیکە زیاتر مەبەستیان تەوزیفکردنی فەلسەفەی (مارکس) بوو لە بواری ئەدەب و هونەردا، نەوەک بیانەوێت خوێندنەوەی سەربەخۆی بۆ بکەن. هەموویشیان مۆرکی ئایدۆلۆجی و حیزبایەتییان پێوە دیار بوو، ئەگەرچی ئێستاش ناکرێت سەرەڕای سادەییان، بۆ ئەو کاتە بە گرنگیان نەزانین. لە دوای ئەوانەوە بە دەگمەن ڕۆشنبیرمان هەبووە وەکو (مەریوان وریا قانیع) ویستبێتی لە تێگەیشتنێکی جدییەوە (مارکس) بخوێنێتەوە. ئەگەر مەبەست لە (دۆخی ئێستا) وەکو لە پرسیارەکەتاندا هاتووە، ئەو قەیرانەیە، کە سەرمایەداری ڕووبەڕووی بووەتەوە و لە پاڵیدا گەڕانەوەیەکی بەرچاو بۆ (مارکس) هەیە، ئەوا بە ڕای من هێزی فەلسەفەی (مارکس) بەوە پێوانە ناکرێت، وەکو چۆن فەرامۆشکردنیشی مانای مەرگی ئەو نییە. ئەگەرچی ئەو گەڕانەوەیە بایەخی خۆی هەیە. دەبێت بزانین بەشێکی زۆری ئەو گەڕانەوەیە لەسەر ئاستی میللیدایە، نەوەک لەسەر ئاستی فیکر. لە بەرانبەر ئەوەدا هەر لە ڕۆژئاوا و هەر لەسەر ئاستی میللیدا ئاڕاستەیەکی دیکەی گەڕانەوەمان هەیە، کە ئەوەیان بەرەو کەنیسەیە. چۆن (مارکس) بخوێنینەوە؟ پرسیارێکە و تەمەنی بە قەدەر تەمەنی (مارکس) خۆیەتی. ئەو خۆی بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەو پرسیارەی لە خۆی کردووە. (مارکس) کاتێک دەڵێ: (ئەوەندەی بزانم من مارکسی نیم)، ئەوە دوورکەوتنەوەیە لە خۆی، بە مەبەستی تێڕوانین لە خۆی بە چاوێکی بێلایەن. وەک بڵێی بیەوێت بپرسێت: (من چۆن خۆم بخوێنمەوە؟). (مارکس) و (ئەنگلس) بە درێژایی تەمەنی خۆیان دەیان جار گۆڕانکارییان لە

تێزەکانیاندا کردووە. ئەگەر سەیری ئەو پێشەکییانە بکەین، کە بۆ چاپە جیاوازەکانی مانیفێستیان نووسیوە، کەم و زۆر گۆڕانکارییان تێدا دەبینین. هەروەها لە ئاستی مافی چارەی خۆنووسیی نەتەوەکان لەوانە پۆڵۆنیا و ئێرلاندا و چەند مەسەلەیەکی دیکەشدا بەپێی زەمەن بۆچوونی خۆیان گۆڕیوە. وەکو لە پێشەوە جەختمان لەسەر کردەوە بۆ خوێندنەوەی (مارکس) پێویستمان بە تێگەیشتن لە (مارکس) خۆی هەیە لە ڕێگای خۆی و ئەوانی دیکەوە، نەوەک خوێندنەوەی (مارکس) خۆی بە خۆیەوە، کە ئەمەیان دوو شتمان بەسەردا دەسەپێنێت یەکەمیان هۆشیاری و دووەم ڕەخنە. بەبێ ئەو دووانە ناتوانین نە لە (مارکس) نزیک ببینەوە و نە دەشتوانین ئاڕاستەی سەربەخۆی خۆمان بدۆزینەوە. ئەمڕۆ چ خوێندنەوەی (مارکس) و چ ڕەخنەگرتن لێی، لە سەرووی توانای ئێمەوەن. خەمی بەشێکی کەمی ڕۆشنبیرانی ئێمە ئەوەیە چۆن لەو ناکۆکییانە تێبگەن، کە لەسەر ئاستی فیکر و فەلسەفەدا بە تایبەتی لەنێوان هەردوو لایەنی عەقلانی و ناعەقلانیدا هەیە، لە کاتێکدا بەشە هەرە زۆرەکەی ڕۆشنبیرانمان نە ئاگایان لەو ناکۆکییانەیە و نە هەوڵ دەدەن لێیان تێبگەن. ئەوانە خەریکی ئەوەن لە گفتوگۆکاندا بە زمانی میللی بە بەرهەمە سادەکانی خۆیاندا هەڵبڵێن و پەلاماری ئەو نوخبە داهێنەرەی ئێمە بدەن. کەواتە بەشە کەمە ڕۆشنبیرە بەئاگاکەی ئێمە، کە بە ڕاستی لە دوای ڕاپەڕینەوە دەرکەوتووە؛ هێشتا لە قۆناغی ئەوە دایە لەو فیکرانە تێبگات، بۆیە نەگەیشتووەتە ئەوەی بەشداری لە ئەقڵ و ڕەخنەی دنیادا بکات و جارێ لەوە دوورین خوێندنەوەی خۆمان و ڕەخنەی خۆمانمان بۆ ئەو فیکرانە هەبێت، کە (مارکس) لەوێدا بە هێزێکی گەورەوە ئامادەیە.

*** بە بۆچوونی ژاک دێریدا، ئەوەی کوژراوە مارکسی ئایدیۆلۆژییە نەک فەلسەفیی. ئەو مارکس بە تارمایی هاملێت دەچووێنێت، بەوەی ئەو هەر کاتێک بیەوێت دەتوانێت بگەڕێتەوە لایی و لەحەقیقەتی تاوانی باوک کوشتندا ئاگادارمان بکاتەوە. کەواتە ئایا مارکسەکەی ناو زەمانمان کەی توانای ئەوەی هەیە بێتە گۆ؟**

ناکرێت لە وەڵامدانەی ئەم پرسیارە بەسەر (دێریدا)دا تێبپەڕین، مادام ئەو لە کاتێکی زۆر هەستیار و لە ڕێگای کتێبێکی تا بڵێی گرنگەوە بۆ (مارکس) دەگەڕێتەوە، ئەوە پێش ئەوەی گەڕانەوە بۆ (مارکس) لە ئەنجامی گەورەترین قەیرانی سەرمایەدارییەوە دەست پێ بکاتەوە. فەیلەسووف و بیرمەندە گەورەکان هەر ئاوان! بە تەنیا بیر دەکەنەوە، بە تەنیا پرسیاری گەورە دورووژێنن و بە تەنیاش ئاڕاستەی جیاوازی خۆیان دەگرن. لە کاتێکدا زۆرینە بە ئۆپسێشنی (کۆتاییی مێژوو) مەست بوون، ئەو دوور لە چاوەڕوانیی هەمووومان بە یەکێک لە گرنگترین کتێبەکانی خۆی دنیای هەژاند. کتێبی (تارماییەکانی مارکس) نەک گۆڕانێکی گەورەیە لەسەر ئاستی فیکری جیهان، بەڵکو لەسەر ئاستی فیکری (دێریدا) خۆیشیدا، ئەگەر زانیمان ئەو وەکو یەکێک لە فەیلەسووفانی پۆستمۆدێرنیزم، کە سەر بە فەلسەفەی ناعەقڵانیی (نیچە)ن و (هابرماس) لە کتێبی (دیسکۆرسی فەلسەفیی

مۆدێرنیتی)دا ڕەخنەیان لێ دەگرێت، کە ئەوان خۆیان بە دوژمنی مۆدێرنتە دەزانن، بەوەی ئەوان نەک پۆستۆمۆدێرنیزم بە درێژکراوەی مۆدێرنیزم نازانن، بەڵکو نکوولّیی لە دەستکەوتەکانیشی دەکەن. لە کاتێکدا (هابرماس) پێی وایە مۆدێرنیتە، کە لەگەڵ چەرخی ڕۆشنگەرییەوە دەستی پێ کردووە، هێشتا تەواو نەبووە. لەو کتێبەدا (هابرماس) دوو بەش بۆ ڕخنەگرتن لە (دێریدا) تەرخان دەکات. کاتێک ئەمانە لە بەرچاو دەگرین، دەبینین گەڕانەوەی (دێریدا) بۆ لای (مارکس) وەکو یەکێک لە فەیلەسووفە دیارەکانی مۆدێرنیتە، جۆرێک پارادۆکس لە خۆی دەگرێت. لێرەوەیە دەبێت مانای ئەو گۆڕانکارییەی تێڕوانینی (دێریدا) بدۆزینەوە. ئەو بۆ یەکەمین جار لەو کتێبەیدا بۆ چەمکی ئەقڵ دەگەڕێتەوە، کە پێشتر ئەو چەمکەش، کە لە بەرانبەر چەمکی جەستە دادەنرا؛ وەکو هەموو چەمکەکانی دیکە بەپێی میتۆدی هەڵوەشاندنەوە، قابیلی هەڵوەشانەوە بوو. واتە هەڵوەشاندنەوەی عەقڵانییەتی میتافیزیکای ڕۆژئاوا لە سەرەتاوە هەتا ئەمڕۆ، لە ڕێگای خوێندنەوەی تێکستە فەلسەفی و ئەدەبییەکان لەناوەوە، بە مەبەستی تێکشکاندنی پێکهاتە چەسپاوەکان و بونیادە دوالیزمەکانیان وەکو عەقڵ لە بەرانبەر جەستە، خود لە بەرانبەر بابەت، گوتن لەبەرانبەر نووسین، جەوهەر لە بەرانبەر ڕوخساردا، کە هەر یەکەیان ئەوی دیکەیانی خستووەتە ژێر دەستەڵاتی خۆیەوە، بۆیە (دێریدا) لە ڕێگای چەمکی (جیاوازی)یەوە هەموو ئەو دوالیزمانە تێک دەشکێنێت، بەو مەبەستەی لە ئێتمۆسفێرێکی کراوەدا جێگۆڕکێیان پێ بکات. واتە هەر یەکێک لەو لایەنانە لە بەرانبەرەکەی جیا ببێتەوە و توانای کارلێککردنی بێسنووری لەگەڵ هەموو ئەوانی دیکەدا بۆ بڕەخسێت. بە مانایەکی دیکە تێکشکاندنی میتافیزیکا لەناوەوە و لە ڕێگای ئەو پرسیارانەی، کە لە توانایدا نییە وەڵامیان بداتەوە و ئەنجام کۆنترادێکشنەکانی ناوەوەی دەکرێنەوە. واتە وەستانەوە لە ئاستی هەموو ئەو چەمکانەی فەلسەفەی ڕۆژئاوایان لەسەر دامەزراوە، بە هۆی پچڕاندنی پێوەندیی نێوان ئەو دوالیزمانە و شیکردنەوەی بونیادەکانی ئەو فەلسەفەیە. ئەگەر وردتری بکەینەوە، ئەوا مەبەستی (دێریدا) تێکشکاندنی (دەستەڵاتی ئامادە)یە، کە مرۆڤ ناچار دەکات تەنیا لە ڕێگای دوالیزمی (ئامادە) و (نائامادە)وە بیر بکاتەوە. واتە کاتێک (چاکە)مان هەیە، خێرا بیر لە (خراپە) و کاتێ (جەوهەر)مان هەیە، بیر لە (ڕوخسار) دەکەینەوە و بەم شێوەیە. لێرەوەیە (دێریدا) نەک هەر جەخت لەسەر نووسین دەکاتەوە، بەوەی نووسین لە توانایدا هەیە تێکست لە ناوەڕۆکی خۆی داببڕێت و ئەنجام دەرگاکانی لە بەردەم خوێندنەوە جیاوازەکاندا بخاتە سەر پشت، بەڵکو هەموو ئەو مێژووانەش هەر لە (پلاتۆن)ەوە هەتا سەردەمی ئێستا هەڵدەوەشێنێتەوە، کە نووسینیان بە گرنگ نەزانیوە. بە مانایەکی دیکە هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو پێوەندییە گریمانییانەی زمان بە دەرەوەی خۆیەوە گرێ دەدەن. پێی وایە لە نووسیندا پێوەندیی نێوان دال و مەدلوول تێک دەچێت و (نیشانە) لەتوکوت دەبێت، کە بۆ نموونە ئەو سیستێمی نیشانەیە لای **(سوسێر) لە دال و مەدلوول پێکهاتبوو و لەناویدا، واتە لەناو ئەو نیشانەیەدا یەکیان گرتبوو.** (دێریدا) کاتێک وشەی (جیاوازی) بە شێوەیەکی جیاواز دەنووسێتەوە، مەبەستی ئەوەیە، کە ئەو جیاوازییە لە نووسیندا دەردەکەوێت و دەبێتە هۆی تێکشکانی هۆشیاری، بەوەی دەکرێت بە زۆر شێوە بیخوێنینەوە، لە کاتێکدا لە گوتندا

دەرناکەویت. ئەگەر (دێریدا) باوەڕی وابوبێت هەر هەنگاوێک بە ئاڕاستەی عەقڵانییەتی دامەزراو لەسەر کۆکردنەوەی ئەو دوالیزمانە، سەرەتایەک بێت بۆ گەڕانەوە بەرەو ناو بیرکردنەوەی میتافیزیکا، ئەی چی وای لێ کردووە لە خوێندنەوەی (مارکس)دا دەست لەو میتۆدەی هەڵبگرێت، تەنانەت بگاتە ئەوەی هەندێک ئەو کتێبەی بە پاشگەزبوونەوە لە بیرۆکەکانی پۆستمۆدێرنیزم و گەڕانەوە بۆ مۆدێرنیزم لێک بدەنەوە؟ (هاشم سالح)ی ڕووناکبیر دوو مانگێک پێش مەرگی (دێریدا) باسی لە دیدارێکی تەلەڤزیۆنیی (دێریدا) و (ڕیجس دۆبریە) کرد، کە (دێریدا)ی بە دڵ بووە، بەوەی لەوێدا بۆ یەکەمجار ددانی بە گرنگیی (ڕۆشنگەری)دا ناوە، ئەگەرچی وەکو گوتمان ئەو دە ساڵ پێشتریش لەو کتێبەدا بۆ ئەقڵ و بۆ ڕۆشنگەری گەڕاوەتەوە. ڕەنگە ئەگەر بپرسین مەبەستی (دێریدا) لە (تارمایی) چییە؟ ئەوا وەڵامەمان لە کتێبەکەدا دەست بکەویت، کاتێ دەڵێ: (ئاسان نییە ناوێکی لێ بنێیت. نە ڕۆحە و نە جەستەیە، ئەگەرچی یەکێک و ئەوی دیکەشە). هەروەها لە دیدارێکی تەلەڤزیۆنیدا، کە دەکرێت لە یوتوپیش ببینین و لەبارەی فیلمی (دانسی تارمایی)یەوە، ئەو فیلمەی باس لە پێوەندیی نێوان هونەری سینەما و بیرۆکەکانی ئەو دەکات لەبارەی تارماییەوە، لە وەڵامی پرسیاری: (ئاخۆ ئەو باوەڕی بە تارمایی هەیە)دا دەڵێ: (تۆ سەرەتا لە تارماییەک دەپرسیت ئاخۆ ڕای بەرانبەر بوونی تارماییەکانی دیکە چییە. لێرەدا ئەو تارماییە هەر خۆمم، لەو کاتەوە داوام لێ کرا لە فیلمێکدا بەشدار ببم، کە کەم و زۆر سەرپێیی بوو. هەست دەکەم تارماییەکە بە وردی لەبارەی منەوە دەدوێت). کەواتە ئەگەر (تارمایی) نە ڕۆح بێت و نە جەستە، بەڵکو یەکێک بێت و ئەوی دیکەش، هاوکات توانای هەبێت لە جیاتی خۆی بدوێت، ئەوا دەکەوێتە دەرەوەی بازنەی هەڵوەشاندنەوە، مادام وەکو چاکە، خراپە، خود، بابەت، هۆشیاری، هەست و ئەوانی دیکە لایەنی بەرانبەری نییە و دوالیزم پێک ناهێنێت. دەگەینە ئەوەی بڵێین مەبەستی (دێریدا) لە (تارمایی) ئەوەیە، کە وەکو چەمکێکی ناجێگیر لە بەردەم خوێندنەوە جیاوازەکاندا کراوەیە، ئەو کرانەوەیەی (دێریدا) کردبوویە ئامانجی هەموو خوێندنەوەکانی خۆی. ئەو تارماییە گیانی (مارکس)ە و بۆ ناو دنیایەک دەگەڕێتەوە، کە عەدالەتی تێدا نییە و لە گەورەترین قەیرانی مۆراڵیدایە. (مارکس) خۆی لە سەرەتای (مانیفێست)دا ئەم دێڕە دەنووسێت: (تارماییەک هەڕەشە لە ئەوروپا دەکات، کە تارماییی کۆمۆنیزمە). ئەگەر زانیمان (مارکس) زۆر بە (شێکسپێر) سەرسام بووە، ئەوا بە لامانەوە سەیر نابێت، کاتێ ئەو بە هەمان ئەو تارماییەی (شێکسپێر) هەڕەشە لە سیستێمی کەپیتالیزم بکات. (دێریدا) لە گفتوگۆیەکدا دەڵێ ئەو ناونیشانەی هەر لە خۆیەوە و بە شێوەیەکی ڕووری لای دروست بووە، بەڵام بە بڕوای من وەکو نووسەرێکی ئەدەبی گێڕانەوە ئەمەیان جۆرێکە لە ئەسوسێیشن (تداعی)، کە (داڤید هیوم) ناوی لێ دەنێت (ئەسوسێیشنی ئایدیاکان Association of Ideas)، واتە چۆن شتێک شتێکی دیکەمان بیر دەخاتەوە و چۆن لە ئایدیایەکەوە دەگەینە ئایدیایەکی دیکە. چۆن بەبێ ئەوەی بە خۆمان بزانین زنجیرەیەک ئایدیای جیاواز و لەیەکچوو لە خەیاڵماندا دروست دەبن. لەم چەند ساڵەی دواییدا ئەم تەکنیکە لای یەک دوو نووسەری ئێمە ئیشی پێ کراوە، کە لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی (بەختیار عەلی) و هیی منیشدا دەبینرێت. کەواتە

(تارمایی) و (مارکس) له خەیاڵی (دێریدا)دا مانای هاوبەشیان هەیە، بەڵام ئایا (مارکس) و (تارمایی) دوالیزمێک پێک دەهێنن و بەپێی میتۆدی هەڵوەشاندنەوە، دەبێت جیا بکرێنەوە؟ وەکو لە پێشەوە گوتمان نەخێر، چونکە تارمایی لای (دێریدا) نە ڕۆح و نە جەستە و نە هیچ شتێکی دیکەیە، بەڵکو لە ڕێگای ماناکانی ناعەدالەتی و نایەکسانی و مەینەتەکانی سیستێمی سەرمایەداریەوە هەردووکیانمان بەجارێ بیر دەکەوێتەوە. دەتوانین بڵێین (تارماییی مارکس) وەکو (تارماییی ئەکاکی ئەکاکیڤیچ)ی کارەکتەری سەرەکیی چیرۆکی (پاڵتۆ)ی (گۆگۆڵ) توانای گەڕانەوەی هەیە. بەڵێ، توانای هەیە هەموو کاتێک بۆ دنیای سەرمایەداری بگەڕێتەوە و لەسەر شێوازی (تارماییی ئەکاکی ئەکاکیڤیچ) ڕێگا لە سەرمایەداری بگرێت و پاڵتۆ دزراوەکانی لێ بستێنێتەوە. ئەوەندەی پێوەندیی بە ئێمەوە هەیە، ئەوەیە، کە نابێت تەنیا باوەڕمان بە بوونی (تارماییی مارکس) و (ئاکاکی ئەکاکیڤیچ) هەبێت، بەڵکو دەبێت بڕوا بهێنین، کە هەموو فیکرێکی زیندوو، بە هەر جیاوازییەک، کە لەنێوانیاندا هەیە، لە دەستیان دێت ببنە تارمایی و بگەڕێنەوە، بەڵام تارماییەکان کاتێ دەگەڕێنەوە، کە ئێمە توانای هێنانەوەیانمان هەیە.